# هەڕاجکردنی دەقی ئەدەبی
# و بە ڕاداندانی نووسین



**محەمەد قادر یونس**

ئەگەر هەر دەقێکی ئەدەبی "شیعر ،چیرۆك،ڕۆمان...هتد"هەڵگری کۆمەڵێك مانابێت لە نێو خودی ماناکاندا،ئەوا دەقی لێکۆڵەر ئاوێنەی ماناکانە.بە جۆرێك لە جۆرەکان بەرهەمێکی تری سەربەخۆیە لە دەرەوی دەقی یەکەم،ئەگەر هەر بارێك بوویێتە هۆی بەرهەمهێنانی دەقی یەکەم،ئەوا بارێکی تایبەتی و تێگەیشتنێکی تایبەتی و ڕەنگە سەرج ڕاکێشانێك بوویێتە هۆی دروست کرددنی دەقی دووەم"تەبعەن وەك بیرۆکە بە ئیزافەی مەعریفە"،بۆیە ئەگەر ساتی بەرهەم هاتنی دەقی یەکەم دەلالەت بێت لە

کاتێـــك و فەزایـــەکی تایبـــەت ،بـــە هەمانـــشێوە ســـاتی نووســـینی دەقێـــك وەك"ڕەخنە ،لێکۆڵینەوە"لەسەر دەقێکی تر دەلالەتە لـەو فـەزا تایبەتە،بۆیـە وەك چۆن نووسینی دەقێك بێ بوونی فەزایەکی تایبـەتی و خـودی و لەسـەر پێشنیاری کەسێکی تر هیچ نی یە جگە لە هەوڵێك بۆخۆ خستنە پـێش و هەندێ ماددە،بە هەمانشێوە دەقی لێکۆڵەر نابێتە دەقێـك بـۆ خوێندنـەوەی دەقی لێکۆڵراوە ئەگەر کەسی لێکۆڵەر هەسـتی بـەوە نـەکردبێ"دوور لـە خودی کەسەکە" فلانە دەق شـایەنی لـە سـەر نووسـینە ،ئـەی لـەم بـازاڕە ئەدەبیە چی یە وا دەکا و خەریکە بۆتە دیاردەیەکی بـاو کـە ئـەم یـان ئەو لە سەر پێشنیاری کەسێ دەقێکی ناشـیرین دەکـات بـە ئیبـداع و دەقـە جوانەکانیش ناخوێنێتەوە ؟،تەنها هەوڵێك بۆ ناو هاتن لە بلاو کراوەکان لای کەسی خاوەن دەقـی یەکـەم و وەرگرتنـی پاداشـتێك لای کەسـی لێکۆڵـەر هەولێکی مەعریفیە ؟،یان شتێکە دوور لە ئـەخلاقێکی ئەدیبانـە ؟،ئایـا بۆ ئەوەی ببینە خاوەن دەنگێکی ڕەسەن گرنگـە دەقەکـە ناچـارمان بکـات لەسـەرمان بنووسـرێت ؟،یـان خۆمـان کەسـەکە ناچـار بکـەین لەسـەرمان بنووسێت؟،ئایا چەند جارێك نووسین "یان زیـاتر لـە چـەند جارێـك "لەسـەر دەقەکانی کەسێك نووسەر دەکات بە نووسەرێکی گەورە؟،ئایا لەسەرنووسینی پێش وەختەو ڕیکلام کردن چەند دەقی ئـەدەبی نـەمر کردووە؟،لـە نێـو ئـەدەبی کوردی ئێستا کە خەریکە نووسین بە ڕادان دان بۆتە مۆدە مافی خۆمان نی یە گومان لە هەر نووسین و پێدا هەڵگوتنێکی بێتام لەهەر دەقێکـی ڕەخنـەیی بکەین لەسەر بەرهەمێکی کاڵ؟.